## پرۆفیسۆر داڤید تۆماس زانکۆی کینت بۆ گوڵان:



# ئەمەریکا هەوڵدەدات سەقامگیری هەرێمی کوردستان بپارێزێت بەڵام پشتگیری سەربەخۆییەکەی ناکات

**پرۆفیسۆر داڤید تۆماس تایبەتمەند و تۆژەر لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و سیاسەتی بەرەوپێشەوەچوونی نەتەوە و دۆسێی عێراقە و خاوەنی کتێبی «عێراق و رۆژئاوا و شەڕی کەنداوە» بۆ بەدواداچوونی پرسی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی عێراق و پێگەی کورد لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا. گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی د. داڤید تۆماس کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

### حکومەتی مالکی توانای کۆنترۆڵی ئاسایشی نییە

ستراتیژی تازەی سەرۆک بوش، ئەگەر بەشێکی لەسەر بنەمای زیادکردنی هێزی سەربازی بونیادنرابێت، ئەوا بەشێکی دیکەی پشتی بەو پەیمانانە بەستووە کە بوش راستەوخۆ لە د. نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراقی وەرگرتووە، ئەمەش بەو مانایە دێت سەرکەوتنی ستراتیژی تازەی بوش لە عێراقدا، بەندە بە ئاستی توانا و کۆنترۆڵی حکومەتی مالکی بۆ ئاسایشی بەغدا و، لە هەمانکاتدا سەرۆک بوش ئەوەشی نەشاردۆتەوە ئەگەر حکومەتی عێراق ئەو توانایەی نەبێت ئەوا پشتگیری ئیدارەی ئەمەریکی بۆ حکومەتی مالکی رادەوەستێت دەبێت مالکی خۆی بەرپرسیاریەتی ئەو بارودۆخە بگرێتە ئەستۆ.

دەربارەی ئەم مەسەلەیە د. داڤید تۆماس بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی: «پێش هەر شتێک دەخوازم بڵێم مەسەلەکان بەو ئاراستەیە ناڕۆن کە ئێوە ئومێدی بۆ دەخوازن، عێراق ئاییندەیەکی نادیاری هەیە، ئیدارەی ئەمەریکی ئەم مەسەلەیەی راشکاوانە لەگەڵ مالکی باسکردووە داوای لێکردووە کە ئاستی توندوتیژی کۆنترۆڵ بکات و سنوورێک بۆ میلیشیای رادیکاڵە شیعەکان دابنێت، بەڵام گومانی تێدانییە حکومەتی مالکی لەم کارەیدا نەیتوانیووە بەو ئاستە بێت کە ئیدارەی بوش چاوەڕێی دەکات، هەر بۆیە ئیدارەی ئەمەریکی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێ حکومەتی بەغدا لە ئاستی ئەو کارەدابێت، بەڵام منیش و ئێوەش باش دەزانین ئەم کارە روونادات.

حکومەتی مالکی بێجگە لەوەی لە بواری کۆنترۆڵکردنی ئاسایش سەرکەوتوو نەبووە، لە هەمانکاتدا وەک هەر حکومەتێکی دیکە کە پێویستە خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتییان دابین بکات لەمەشدا هەر سەرکەوتوو نەبووە.

ئێستا تەنیا پاشماوەکان شەقامەکانیان ناشیرین کردووە، کارەبا بەشێوەیەکی زۆر کەم هەیە، داهاتی نەوت بەشێوەیەکی یاسایی و عادیلانە نەتوانراوە بەسەر هەموو عێراقییەکان دابەشبکرێت.

بێگومان ئەمانە تەنیا بەشێکی گرفتەکەن، زیاد لەمانەش ئێستا عێراق رووبەڕووی کارەساتێکی مرۆیی و هەڵاتنیش بۆتەوە، زۆربەی عەرەبە عێراقییەکان شار و ماڵی خۆیان بەجێهێشتووە و روویانکردۆتە ئەردەن و سوریا، ئەمە ئەگەر بەشێکی بەهۆی هۆکاری ئاسایش بێت، بەشێکی دیکە لەبەر ئەوەیە حکومەتی مالکی نەیتوانیووە هیچ خزمەتگوزارییەک دابین بکات.

کەواتە حکومەتی مالکی تا ئێستا نەیتوانیووە لەسەر پێی خۆی رابوەستێ ئەمەش هەمووی ئاماژەن کە حکومەتی مالکی بەرەو لەبەریەکهەڵوەشان هەنگاو هەڵدەگرێت لەم حاڵەتەشدا کە ئاسایش کۆنترۆڵ ناکرێت و حکومەتیش توانای دابینکردنی هیچ خزمەتگوزارییەکی نییە، بێگومان عێراقیش بەرەو ئاییندەیەکی نادیار دەچێت.

### ئەمەریکا ناتوانێت دڵی هەموو لایەک رازی بکات

هەرێمی کوردستان بێجگە لە مەترسی ئەو توندوتیژییەی کە باشوور و ناوەڕاستی عێراقی گرتۆتەوە، ترسی دەستێوەردانی دەرەکی و ئاژاوەنانەوەشی هەیە، بەتایبەتی کە بڕیارە لە ماوەی ئەمساڵدا ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت و ناوچە دابڕاوەکان بە کەرکوکیشەوە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، لەم بارودۆخەدا هەرێمی کوردستان پێویستی بە یارمەتی دۆست و هاوپەیمانەکانییەتی بۆ ئەوەی بتوانێت سەقامگیری ئەم دەڤەرە بپارێزێت و هەروەها ناوچە دابڕاوەکانیش بگەڕێنێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بێگومان دەسەڵاتی سیاسی کوردستان هەوڵدەدات ئەم مەسەلەیە بەشێوەی یاسایی و ئاشتییانە جێبەجێ بکرێت، بەڵام هەڕەشەکان و هەوڵدان بۆ تێکدانی بارودۆخەکە بەدەستی ئەملا و ئەولا مەسەلەکەی ئاڵۆزتر کردووەو سەبارەت بەم هاوکێشە ئاڵۆزە پرۆفیسۆر تۆماس گوتی:

«ئێوە لەناو واقیعەکەدان و لە من باشتر دەزانن، ئەمە مەسەلەیەکی قورس و ئاڵۆزەو ئەمەریکییەکان ناتوانن هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراق رازی بکات، هەر بۆ نموونە چۆن بتوانێت هەرێمی کوردستان بپارێزێت و یان سەبارەت بە مەسەلەی کەرکووک چی بکات؟

کورد دەخوازێت و قەناعەتی بەوەیە کە کەرکوک شارێکی کوردستانییە و دەبێ بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام سیاسەتی ڕژێمی پێشوو دیموگرافیای ئەم شارەی شێواندووە، ئێستا لەم شارە عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعەی هاوردەی تێدایە، کورد داوا دەکات ئەم عەرەبە هاوردانە بگەڕێنەوە بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراق و ئەو شوێنانەی لێوەی هاتوون، بەڵام هەندێک لە عەرەبەکان نایانەوێت بگەڕێنەوە، لەم حاڵەتەدا ئەمەریکا چۆن دەتوانێت کورد رازی بکات و چۆن دەتوانێت مافی عەرەبی شیعە و سوننە بپارێزێت، هەر بۆیە لە بارودۆخێکی وادا زۆر قورسە بتوانرێت هەموو لایەنە جیاوازەکان رازی بکرێن، پێموایە ئەم مەسەلەیە دەبێ بەو شێوازە چارەسەر بکرێت کە عێراقییەکان خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن، ئەوان لە ئێمە باشتر لەو مەسەلەیە تێدەگەن».

دەربارەی دەستێوەردانی دەرەکی بە گشتی و تورکیا بەتایبەتی، د. داڤید گوتی: «مەسەلەی پەیوەندی نێوان تورکیا و کورد، مەسەلەیەکی زۆر هەستیارە، راستە تورکیا و هاوپەیمانی ئەمەریکایە، بەڵام دژی هاتنی ئەمەریکا بووە بۆ عێراق، هەروەها ڕێگەی نەدا ئەمەریکا بنکەیەکی سەربازی لە تورکیا دابنێت، تورکیا زۆر لەوە دەترسێت حکومەتی هەرێمی کورستان هانی کوردەکانی تورکیا بدات ببێتە سەرچاوەیەکی ناسەقامگیری لە تورکیادا، هەروەها تورکیا چاودێری بارودۆخەکە دەکات و دەبینێ گۆڕانکارییەکان چەند خێران، بەڵام نایەوێت پەیوەندییەکی زۆر گەورە و بەهێزی ئابووریی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبێت، ئەمەش لە ترسی ئەوەیە بوژانەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان ببێتە هۆی بوژانەوەی ئابووری کوردەکانی تورکیا و پاشان هاندەربێت بۆ مەبەستی دیکە. ئەمەش بە بڕوای من خاڵی سەرەکی بوو کە تورکیا پشتگیری هاتنی ئەمەریکای بۆ عێراق نەدەکرد.

تورکیا دەزانێت ئەمەریکا بۆ هێشتنەوەی یەکپارچەیی عێراق ڕووبەڕووی گرفتی زۆر گەورە دەبێتەوە و عێراقێکی سەقامگیر دامەزرێتەوە بەشێوەیەک کاریگەری لەسەر سەقامگیری تورکیا نەبێت.

لەم حاڵەتەدا من بەش بە حاڵی خۆم دەترسم شتێک بڵێم، بەڵام ئەوەش هەیە کە لەسەر ئاستی جیهان هەموو لایەک لەم گرفتە ئاگادارە، من بەلامەوە سەیرە تورکیا چۆن دەتوانێت دەوڵەتێکی دیموکراسی سەقامگیری هاوچەرخ دامەزرێنێ لە کاتێکدا هەڕەشە لە دراوسێکانی بکات، ئەم مەسەلەیە بەرەو گرفتێک هەنگاو هەڵدەگرێت کە پاشان چارەسەرکردنی ئاسان نەبێت، هەر بۆیە چاوەڕوان ناکرێت لە ماوەیەکی کورتدا هەموو کێشەکان لەگەڵ تورکیادا چارەسەر بکرێت.

ئەڵمانیا و ژاپۆنی دوای شەڕی دووەمی جیهانی ماوەیەکی زۆریان ویست هەتا کۆمەڵگاکانیان بونیادنرایەوە، با سەیری بۆسنیا و کۆسۆڤۆ بکەین بزانین چی روویدا؟ دەبینین لەگەڵ هێزێکی گەورەی ئەمەریکی لە چوارچێوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەو ناوچەیە بوونە، کاتێکی زۆری ویست هەتا توانیان کۆمەڵگەی بۆسنیا بگۆڕن و کاتێکی زۆری ویست هەتا بیرکردنەوە سیاسییەکان بگۆڕدرێن، هەروەها مەسەلەی سربیا بە کۆسۆڤۆشەوە هەمان مەسەلە بوو.

هەر بۆیە کاتێک هەوڵدەدەیت ڕژێمی وڵاتێک بگۆڕیت، هەوڵدەدیت بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی سیاسی و بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایە بگۆڕیت، لەم حاڵەتەشدا ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبیتەوە کە لەوانەیە ماوەیەکی دوورودرێژ بخایەنێت.

### ئەمەریکییەکان سەقامگیری کوردستان دەپارێزن بەڵام پشتگیری سەربەخۆییەکەی ناکەن

ئەو بارودۆخە هەستیارە و گۆڕینی بیرکردنەوەی سیاسی و بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی شەڕ، بەردەوام پێویستی بە بوونی هێزێک هەبووە بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانکارییانە بە ئاراستەی لابەلادا نەچن، ئێستا گۆڕینی بیرکردنەوەی سیاسی و گۆڕینی بیرکردنەوەی کۆمەڵگاکانی هاوسێی و دەوروبەری کوردستان ماوەیەکی زۆری دەوێت هەتا بتوانن واقیعی کوردستان قبوڵ بکەن، لەم حاڵەتەدا بوونی بنکەیەکی هێزەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان، هەم دەبێتە پاراستنی ئەو کەشوهەوا ئارامە، لە هەمانکاتدا زەمینەیەکیش دەڕەخسێنێ بۆ ئەو گۆڕانکارییە.

دەربارەی ئەم پرسە پرۆفیسۆر داڤید گوتی: «من دڵنیانیم ئەمەریکا بخوازێت کوردستانی سەربەخۆی بپارێزێت، ئەوەی من هەستی پێدەکەم ئەوەیە ئەم ناوچەیە بەرەو ئاڵۆزی سەرچاوە دەگرێت، رای گشتی ئەمەریکاش حەز لەوە ناکات ئەمەریکا ڕاستەوخۆ ببێتە بەشێک لەو ئاڵۆزییە، بەڵکو ئەمەریکییەکان حەزیان لە ئۆپەراسیۆنی سەربازی خێرایە نەک مانەوەی درێژخایەن لەو ناوچانەدا، ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیر بکەین دەبینین زۆر زەحمەتە ئەمەریکا بتوانێت سەربەخۆیی کوردستان بپارێزێت، ئێمە دەزانین دوای شەڕی یەکەمی جیهان وردۆلسنی سەرۆکی ئەو کاتی ئەمەریکا داوای پاراستنی کریستییانە ئەرمەنییەکانی لە گەلی ئەمەریکا کرد، بەڵام هەموو بە نەخێر وەڵامیان دایەوە و گوتیان ئێمە نامانەوێت ئەرمەنییەکان بپارێزن، هەر بۆیە پێموایە بەرامبەر پاراستنی کوردستانیش هەمان شێوە دەبێت.

دەربارەی دانانی بنکەیەکی سەربازیش لە ئەمەریکا، ئێستا لە کۆنگرێس باسێکی لەو جۆرە لەلایەن دیموکراتەکانەوە هاتۆتە پێش، بەڵام لەناو ئیدارەی ئەمەریکیدا ئەم چەمکە نەبۆتە ئەوەی بەشێوەیەکی جدی بیری لێ کرابێتەوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا کورد دەبێ ئەوەی لا ڕوون بێت، ئەگەر ئەو بنکە سەربازییەش دابنرێت بۆ پاراستنی سەربەخۆیی کوردستان نییە، بەڵام لەوانەیە ئەمەریکا هەندێک هێزی خۆی بێنێتە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی سەقامگیری ئەو هەرێمە بپارێزێت.

بێگومان دانانی بنکەیەکی سەربازی لەو جۆرە لە هەرێمی کوردستان کارێکی هەروا ئاسان نییە پەیوەندی بە دەوڵەتانی هاوسێی عێراقیشەوە دەبێت وەک ئێران و تورکیا و سعوودیەش ئێستا ئەمەریکا لە بەغدا ئامادەیە ڕاستەوخۆ لەگەڵ سوریا و ئێران وتووێژ بکات بەڵام ئەوەی کە جێگەی ئومێدە هیچ شتێک سەبارەت بە ئایندەی عێراق جێگەی دڵنیایی نییە.

**حکومەتی مالکی لەم کارەیدا نەیتوانیوە بەو ئاستە بێت کە ئیدارەی بوش چاوەڕێی دەکات، هەر بۆیە ئیدارەی ئەمەریکی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێ حکومەتی بەغدا لە ئاستی ئەو کارەدابێت**

**کاتێک هەوڵدەدەیت ڕژێمی وڵاتێک بگۆڕیت، هەوڵدەدیت بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی سیاسی و بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایە بگۆڕیت**

**حکومەتی مالکی بەرەو لەبەریەکهەڵوەشان هەنگاو هەڵدەگرێت**

**تورکیا چاودێری بارودۆخەکە دەکات و دەبینێ گۆڕانکارییەکان چەند خێران، بەڵام نایەوێت پەیوەندییەکی زۆر گەورە و بەهێزی ئابووریی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبێت، ئەمەش لە ترسی ئەوەیە بوژانەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان ببێتە هۆی بوژانەوەی ئابووری کوردەکانی تورکیا**